# خۆشناوەتی: باندێکی خەڵک فریودەر ئاشکرا دەبێ

بە گوێرەی ئەو زانیاریەی دەست هەفتەنامەی رۆژی گەل کەوتووە، باندێک کە لە چەند کەسێک پێکهاتووە، لە سنوری خۆشناوەتی وەک شۆفێرو پاسەوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان ناساندووە و خەڵکیان فریوداوەو پێیانگوتن ئێمە دەتوانین ئیشوکارەکانیان رابپەڕێنین، لە دامودەزگاکانی حکومەت داتانبمەزرێنین، بەوهۆیەوە ژمارەیەک خەڵکی دەڤەرەکە باوەڕی پێکردوون، داوای هاوکاریان لێکردوون، ئەوانیش پێشوەخت پارەیان لێسەندوون، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە ئەوانە هیچ کارەن و تەنیا مەبەستیان پارە کۆکردنەوەو لەخشتەبردنی خەڵک بووە، بۆیە هەوڵێکی شێلگیرانە لە ئارادایە تا کەسە ناسراوەکانی ناو ئەو باندە دەستگیر بکرێن.

# رانیە: بەرپرسێک سوکایەتی بە پۆلیسێکی هاتوچۆ دەکات

رۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ لە نێو شاری رانیە لێپرسراوی ئینزیباتەکانی قەڵادزی سەرپێچی یاسای هاتوچۆ دەکات، بەوهۆیەوە پۆلیسی هاتوچۆ غەرامەی دەکات، بەڵام ئەو بەرپرسە وەسڵی غرامەکەی دەدرێنێ و بە رووی پۆلیسەکەی دادەداتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە پۆلیسەکەی هاتوچۆ تەنیا ئەرکی خۆی جێبەجێ کردبوو، چونکە بەرپرسەکە ئۆتۆمۆبیلەکەی لە شوێنێکی قەغەکراو راگرتبوو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەزارەتی ناوەخۆو بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ بڕیاری توندیان وەرگرتووە و بەگوێرەی یاسا دەیانەوێ هەموو ئەو کەسانەی کە بەبێ مۆڵەتی شۆفێری ئۆتۆمۆبێل لێدەخوڕن، رەوانەی دادگە بکەن.

رەفتاری ئەو بەرپرسە پۆلیسی هاتوچۆی نیگەران کردووەو پێیانوایە لە دەڤەری عەشایەرنشیندا یاساکانی هاتوچۆ جێ بەجێ ناکرێ، پۆلیسیش ناتوانێ رێگە لە سەرپێچی و پێشلکاریەکان بگرێ، چونکە لە ئاکامدا کێشەی دیکەی لێدەکەوێتەوە.

# قەڵادزێ: لە ئاودەست نووسین دەست پێدەکاتەوە

کۆمەڵێک گەنجی تووڕەی دەڤەری شارۆچکەی قەڵادزێ لە بەیاننامەیەکدا (گروپی ژێدەوای رەش)یان پێکهێناوەو نارەزایەتی خۆیان لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەڤەرکە پێشانداوە، وەک خۆیان ئاماژەیان پێداوە کە نیازیانە لە دژی دیاردەی گەندەڵی و شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت لە سنورەکە بوەستنەوە.

ئەو گروپە ناوی چەندین کەس بڵاو دەکاتەوە کە گوایە گەندەڵکاری دەکەن، هەروەها هەرەشەیان کردووە ئەگەر واز نەهێنن لە هەنگاوی یەکەمدا لە ئاودەستخانەکاندا ناویان دەنووسن و گەندەڵیەکانیان ئاشکرا دەکەن.

لە ئاودەست نووسین لەسەردەمی رژێمی بەعس باوبوو، خەڵکی کەبۆیان نەدەکرا بەئاشکرا قسەکانی خۆیان بکەن، دەچوون لە شوێنی شاراوە، بەتایبەتیش ئاودەستخانەی مزگەوتەکاندا دەیاننووسی، ئەمەش نیشانەی ترس لە رژێم بوو، بەڵام ئێستا کە ژمارەیەک گۆڤارو رۆژنامەو پێگەی ئینتەرنێتی ئازادو سەربەخۆ هەن، لەئاودەست نووسین وەک دیارەیەکی قێزەوەن سەیر دەکرێ.

# پیرمام: باوکێک هەوڵی کوشتنی کچەکەی خۆی دەدات

رۆژی ٢٠٠٨/٥/٨ لە هاوینە هەواری پیرمام کەسێک بەناوی (خ. ئا) لەگەڵ خێزانەکەی و مناڵەکانی بەشەڕی دێ و بە چەقۆ پەلاماریان دەدات.

بەگوێرەی زانیاریەکان، کاتێک ناوبراو دەگەڕێتەوە ماڵ، دەبینێ میوانیان هەیە، ئەویش بەو میوانە نیگەران دەبێ و دڵپیسی لێدەکات، بۆیە پەلاماری کچەکەی خۆی دەدات و دەیەوێ بەچەقۆ لێی بدات، بەڵام خەڵکی گەڕەکەکە بەهانایەوە دەچن، ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوە، ئیدی بەهاوکاری پۆلیس کێشەکە گەورەتر نابێ و رەوشەکە ئاسایی دەکەنەوە.

هەر بەگوێرەی زانیاریەکان، ئەو کابرایە نەخۆشی دەروونی هەیە، لەساڵی ٢٠٠٢دا کوڕێکی خۆی کوشتووە.

# رانیە: شێتێک پەلاماری کچێک دەدات

رۆژی ٢٠٠٨/٥/٨ کاتێک کچێکی تەمەن ١٣ ساڵان دەیەوێ بۆ ماڵەکەی خۆیان لە گەڕەکی سەرا بگەڕێتەوە، لەهیکەوە کەسێکی شێتی پەیدا دبەبێ و پەلاماری دەدات.

بەگوێرەی هەواڵ خەڵکەکە شێتەکە نەیتوانیوە کچەکە بگرێ، بەڵام کچەکە هەترەشی دەچێ و دووچاری نەخۆشێ دەبێ، بەوهۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، شێتەکەش لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێ، بەڵام خەڵکەکە پێیانوایە کە گرتنی شێتەکان لە دوای کارەسات و رووداوەکان سوودی نیە، هەروەها دیاردەی شێتەکان لەنێو شارو شارۆچکەکاندا سیمای شارستانی لەکەدار کردووە، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندار هەموو شێتەکان کۆبکاتەوەو لە شوێنێک بەخێویان بکات تا زیان بە خەڵکی دیکە نەگەیەنن.

# جوتیارانی پارێزگای کەرکوک نارەزایی دەردەبڕن

رۆژی یەک شەممە ٢٠٠٨/٥/٤ ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارانی ناحیە و گوندەکانی دەوروپشتی کەرکوک چونە سەر (اتعاد جمعیه فلاحین) لە کەرکوک وە داوای مافی خۆیان کرد سەبارەت بە پێدانی ژمارەی یاسایی بۆ ئەو ئوتومبێلانەی کەلە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦وە لەو شوێنە وەریان گرتووە.

جووتیاران گلەیی لەوەدەکەن کە چەندین جار پارەیان لێوەرگیراوە پسولەیان بۆکراوە کەچی هێشتا بۆ ژمارەکردن داوای پارەی دیکە دەکەن.

بۆ ئەو مەبەستە جوتیارەکان سکاڵا نامەیەکیان پێشکەش بە بەرێوەبەری نوسینگەی (نەزاهە) بەرێز کاک(شوان سالح)لە شاری کەرکوک کردووەو لێیانخواستوون کە لەو دزی و گەندەڵییە بکۆڵێتەوە ئەویش لە ئاستی خۆیەوە بەڵێنی پێدوان کە بەدوای داواکاریەکەیان بکەوێت.

جێگەی ئاماژەیە کە دوو ساڵ زیاترە ئەو جوتیارانە ئوتومبێلیان وەرگرتووە کەچی ژمارەیان پێ نەدراوە و دەستی دەستیان پێ دەکەن، بەوهۆیەوە ئێستا زیاتر لە (٤٠٠٠) دۆلار زیانیان پێدەگات.

# لایەنێکی کوردستانی لە کۆبوونەوەی ئێکۆساک بەشداری دەکات

حەوتەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی ئێکۆساک (پلاتفۆرمی هەمیشەیی) نەتەوەو گەلانی خۆجێیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمساڵ لە رۆژانی ٢١ی مانگی نیسان تا ٢ی ئایار، لە نیویۆرکدا بەرێوە چوو.

لە کۆبوونەوەی ئەمساڵی ئێکۆساک دا، بۆ یەکەمین جار لایەنێکی کوردستانی، کە ئەویش حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بەشداری تێداکرد. نوێنری حدکا و چەند لایەنێکی دیکەی ئێران وەک شاندی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵو هەروەها بە شێوەی سەربەخۆ لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە بارەگەی ناوەندیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرکدا بەرێوە چوو، بەشداری کرد. دانیشتنی یەکەم بە پەیامی ڤیدیۆیی **بان کی مۆن**، سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکانو دواتر بە وتەکانی **ئیوامۆرالیس**، سەرکۆماری بوولیڤی دەستی پێکرد.

تەوەرو بەشی سەرەکیی دانیشتنی ئەمساڵ، نیشتمانو مافی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی، تێکدانی ئێکۆسیستم، خوێندنو ئاخاوتن بە زمانی زگماکی، گۆڕانکارییەکانی ئێکۆلۆژیکو کەشو هەوا لە سروشتدا، دارشتنی یاسا نێونەتەوەییەکان بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوە خۆجێییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە سەدەی ئێستاداو پێوەندیی کاریی نزیکتر لە تەک کاری شورای مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان، هەم لە بواری چەندیو هەم لە بواری چۆنیەتییەوە، لەوانە گۆڕینی پێکهاتەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گۆڕینو دانانی کۆڕی نوێی مافەکانی مرۆڤ لە باتیی، کۆبوونەوەی ئەمساڵ گرینگییەکی زۆری هەبوو. لە سێپتامبری ٢٠٠٧دا، راگەیاندراوی پاراستنو رێزگرتن لە مافەکانی نەتەوەو گەلە خۆجێییەکانو کەمینە نەتەوەییەکان پاش ٢٠ ساڵ، لە لایەن رێبەرانی سەرجەم وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا.

ئەندامانی پلاتفۆرمی هەمیشەیی شازدە کەسن کە نیوەیان لە لایەن وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو نیوەکەی دیکەشیان لە نێوان چالاکانو پسپۆڕانو نوێنەرانی نەتەوەکانو گەلانی خۆجێییو رێکخراوە ناحکومەتییەکان (NGO) هەڵدەبژێردرێن. ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار کۆماری ئیسلامی، دیپلۆماتێکی خۆی بە ناوی **پەیمانە هستە** بەم پلاتفۆرمە ناساندو ناوبراوی بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەم پلەیە دانا. زیاتر لە ١٣٠٠ نوێنەری گەلانی خۆجێیی لە سەرتاسەری جیهانو جیا لەمە نوێنەرانی دەوڵەتەکان، رێکخراوە نادەوڵەتییە نێونەتەوەییەکان، نوێنەرانی رێکخراوە تایبەتیو بەڕێوەبەرییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، نوێنەرانی پارلەمانی ئورووپا کە گەورەترین کۆڕی جیهانیی لەمەڕ مافەکانی گەلو نەتەوە خۆجێییو ژێر دەستەکانە . لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشدار بوون.

هەرچەند پلاتفۆرمی هەمیشەیی، لە ساڵی ٢٠٠٠وە بە شێوەی فەرمی دەستی بە کار کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥وە لە لایەن کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەم ئەسڵە وەک یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی دەیە \"دەیەی مافەکانی مرۆڤی گەلانی خۆجێیی\" هێنرایە بەرباسو راگەیاندراوی جیهانیی پشتیوانی لە مافەکانی گەلانی خۆجێییو ژێردەستە کە لە لایەن کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤەوە پەسند کراوە، ئێستا بۆ کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کردنی بە یاسایەکی نێونەتەوەیی پێشکەش کراوە.

# دوو کچ دەسووتێن

**رۆژی** ٦-٥-٢٠٠٨ کچێکی شازدە ساڵان بەناوی (ئی.ن.ن) دانیشتووی شاری خانەقی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگری لەجەستی خۆی بەرداو خۆی سووتاند.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەرچەندە کە هەرزوو هەوڵی خامۆشکردنەوەی ئاگرەکە دراوەو رەوانەی نەخۆشخانەی کەلار کراوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست داوە.

**رۆژی** ٥-٥-٢٠٠٨ فێرخوازێکی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پزیشکی شاری هەولێر بەناوی (ئا) دانیشتووی گەڕەکی برایەتی شاری هەولێر ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەکوژێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کچە کێشەی هەبووە، ئەمساڵ وازی لە خوێندن هێناوە، بەڵام نازاندرێ بۆچی پەنای بۆ خۆ سووتاندن بردووە.

# دوو کچ دەکوژرێن

**رۆژی** ٦-٥-٢٠٠٨ کچێکی تەمەنە ١٤ ساڵان بەناوی (ن.خ) دانیشتووی گەڕەکی سەلاحەدینی شاری هەولێر لە رووداوێک دا بەگوللە کوژرا.

دایکی ئەو قوربانیە بە پۆلیسی راگەیاندووە کە کچەکە خۆی کوشتووە چونکە لە وانەکانیدا کەوتبوو، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەردانابوو، دوای ئەوەی لە فێرگە دەگەڕێتەوە، دەچێتە ژوورێک، کلاشنکۆف دەبات و دوو گوللە لەخۆی دەدات و خۆی دەکوژێ. هەر بەگوێرەی قسەی کەسە نزیکەکانی ، قوربانیەکە لە خوێندن خراپ بووەو لە ژمارەیەکی زۆری وانەکان کەوتبوو، بەوهۆیەوە کۆنترۆڵی خۆی بۆ نەکراوەو پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە.

رۆژی ٨-٥-٢٠٠٨ لە شارۆچکەی کەسنەزانی نزیک شاری هەولێر، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵان بە ناوی (خ.ت) لە رووداوێکی نادیاردا خۆی کوشت.

بەگوێرەی زانیاریەکان کاتی رووداوەکە ئەو کچە بەتەنیا لەماڵ بووە، کلاشنکۆفی باوکی هێناوەو دوو گوللەی لەخۆی داوەو خۆی کوشتووە. بەڵام دەگوترێ کە نەخۆشی دەروونی هەبووە.

# لە تامپۆنێکدا شەش کەس گیان لەدەست دەدەن

رۆژی ٩-٥-٢٠٠٨ لەسەر رێگەی کەلار – دەربەندیخان دوو ئۆتۆمبێل تامپۆن دەکەن، لە ئاکامدا شەش گیان لەدەست دەدەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو دوو ئۆتۆمبێلە لەجۆری **ئەڤیکۆو تویوتا** بوونە و لەنزیک گوندی تازە دێی حاجی حەسەن تامپۆنیان کردووە، بەوهۆیەوە سەرنشین و شۆفێرەکان بریندار بوونە، هەرچەندە بە خێرایی بۆ نەخۆشخانە گوازراونەتەوە، بەڵام شەش لەوان گیانیان لەدەست داوە.

جێگەی ئاماژەیە بەهۆی خراپی رێگەوبانەکانی کوردستانەوە لە دوو ساڵی رابردوودا کارەساتی ئۆتۆمۆبێل بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، هەروەها بە سەدان مرۆڤیش گیانیان لەدەست داوە، کەچی لایەنی پەیوەندیدار بۆ سەرپێچی یاسایی و پشت گوێ خستنی رێنوێنی هاتوچۆیان دەگێڕێتەوە.

# هەواڵی سەیر

**رۆژی** دوو شەممە ٢٠٠٨/٥/٥ لە فێرگەی ئیمام قاسم شاری کەرکوک ڤیستیڤاڵی هونەری فێرگەکانی شاری کەرکوک بۆ جاری دووەم لەم ساڵەدا کرایەوە، لەو ڤیستیڤاڵەدا (شەن عومەر موبارەک)کە ئەندامێکی ناوداری بەرەی تورکمانیە و لێپرسراوی بەشی چالاکیەکانی وەزارەتی پەروەردەیە لە بەغدا ئامادەی کردنەوەی ڤیستیڤاڵەکە بوو، هەر لەوێدا وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش بەئامادەبوان کرد و تیایدا ئاماژەی بۆ دروست کردنی گیانی تەبای و برایی و یەک ریزی نێوان نەتەوە جیاجیاکانی شاری کەرکوک کرد. شایەنی باسە ئەمە یەکەمین جارە ئەندامێکی بەرچاوی بەرەی تورکمانی بروا دێنێت کە برایەتی تەبایی لە کەرکوکدا خزمەتی شارەکە بکات و نیشانەی نەرمی بە قسەکانیەوە دیار بێت. بە گوێرەی قسەکانی خاتوو شەن بێ بەرەیی تورکمانی لەدوای چاکبوونی پەیوەندیەکانی کورد و تورکیا لە هەوڵێ مساوەمە کردندان لەگەڵ کورد و بەنیازن پاشەکشە لە توندرەویە تورکمانیەکەیان بکەن .ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ڤیستیڤاڵە ساڵانی رابردوو مۆرکێکی عەرەبیانەی پێوە دیاربوو بەڵام ئەم ساڵ زۆر بەئاشکرا کوردێنرابوو کارتی بانگێشتەکانیش بە زمانی کوردی و ئاڵای کوردیەوە دابەشکرابوو.

**لە** دوای تەقینەوە گەورەکەی ساڵی پاری شەقامی کۆماری شاری کەرکوکەوە ئەو جادەیە کۆنترۆڵ کراوە و پۆلیسی تایبەتیان بۆ داناوە بە مەبەستی قەدەغەکردنی هاتوچۆی ئوتومبێل بەو شەقامەدا، بەڵام ئەگەر بتەوێ لەم رێگەیە برۆی دەبێ بەخشیش بە پۆلیسەکان بدەی. رۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ هاوڵاتی (ش.ت) کە نەخۆشێکی پێ دەبێت ودەیەوێت بە ئوتومبێلەکەی خۆی بیگەیەنێتە پزیشکەکانی ئەو شەقامە، کەچی پۆلیس رێگەی پێنادا و بە زمانی عەرەبی لەگەڵیدا قسەدەکات، هەر لەو کاتەدا هەمان پۆلیس رێگە بە یەک دوو ئوتومبێلی دیکە دەدات کە تێپەربن، ئەمیش تورە دەبێ لەگەڵ پۆلیسەکە بەشەر دێت پۆلیسەکە دەڵێت ئەوانە ئەفسەر بوون، بۆیە رێگەم پێدان، دواتر دەرکەوت کە پۆلیسکە کوردەو ئەوانەی تێپەڕیش ببوون ئەفسەر نەبوون!

**کەسێک** بە ناوی (م.ت)کە لە فەرمانگەی ئاوی چەمچەماڵ کاردەکات خانوویەکی دوو نهۆمی هەیە، لەم ساڵی بێ ئاویەدا ئاوی بەلوعەکەیان بەبێ بەکارهێنانی ماتۆری ئاو دەگاتە سەروی نهۆمی دووەم، کەچی لەهەمان گەرەکدا دراوسێکانی ئەو پیاوە لەهەمان لاینی ئاوەوە بە هەزار حاڵ و بە ماتۆریش ئینجا دەتوانن هەشت رۆژ جارێک ئاو بگرن، بەوهۆیەوە نیگەرانی دانیشتووانی ئەو کۆڵانەی گرتۆتەوە، پێیان وایە شێوەی بەستنی بۆری ئاوراکێشان لە لاینی سەرەکیەوە جۆرێک لە هونەری تێدایە بۆیە ئەو (م.ت)بە شێوەیە ئاوی بۆدێت و خەڵکیش بەو شێوەیە!

**برازای** بەرپرسێکی سەربازی ناوداری شاری کەرکوک کە لێپرسراوی بەشێک لە پاسەوانەکانیەتی بەهۆی چەندین کاری خراپ و نایاساییەوە وەک دزی کردن و ئوتومبێل فراندن لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمەوە فەرمانێکی تایبەتی بۆ دەرچووە بۆ دەستگیرکردن و زیندانی کردنی، بەڵام ناوبراو زۆر بەبێ ترس بە تفەنگەکەیەوە بەبێ ترس بۆ هەرشوێنێک بیەوێت دەروات، چونکە پێش ئەوەی بچوکترین مەفرەزە بنێردرێت بۆ گرتنی هەواڵەکە دەگات بە مامی و ئەویش زوو ئاگاداری دەکاتەوە.لەم سەرو بەندەدا و لە هەفتەی رابردوودا ویستویانە کە بەراستی بیگرن بەڵام دیسانەوە هەواڵەکە ئاشکرا دەبێت لەلایەن بەرپرسێکی گەورەوە کە لە دەعوەتێکی نان خواردندا بۆیانی درکاندبوو کە گوایە لەبەرئەوە پێیان دەڵێ، چونکە ناوبراو کورێکی ئازا و جەربەزەیە و پێی حەیفە زیندانی بکرێ!

لە بەرواری ٢٠٠٨/٥/٧ وڵاتی (س.م.ع) دەچێتە بانکی رافیدەین لە جادەی ئەتلەس شاری کەرکوک بەمەبەستی وەرگرتنی (١٠)ملیۆن دیناری عێراقی کە لە لیژنەکانی مادەی (١٤٠)وە چەکی پارەی بۆ کرابوو.لە کاتی پێدانی چەکی پارەکە بە فەرمانبەرەکان پێی دەڵێن کە کەسێکی تر ئەم پارەیەی وەرگرتووە ئەمیش ئەپەشۆکێ و دەکەوێتە هەوڵی چارسەرکردنەوە سەرەتا خۆی دەگەیەنێتە لیژنەی مادەکە لە پارێزگای کەرکوک و لەوێ نوسراوێکی بۆ دەکەن و دەگەرێتەوە بۆ بانکە، لەوێ لەگەڵ فەرمانبەرێکی دۆستی خۆیدا دوای کارەکە دەکەون و دەردەکەوێت کە ئەو پارەیە وەرنەگیراوە و بە هەڵە بە ناوبراویان گوتووە، بۆیە فەرمانبەرەکە لە ترساندا دەکەوێتە داوای لێبووردن هەتا کێشەکەی لەسەر گەورەنەکەنەوە بەدزی دانەنێن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com